# پشتگیریی بەشی 4

ئاپریلی 2011

Section 4 support – Kurdish

## پشتگیریی بەشی 4 چییە؟

ئەگەر داواکاریی پەنابەری ئێوە بە تەواوەتی رەت بکرێتەوە، پشتگیریی پەنابەریی کە لە وەزارەتی ناوخۆ وەریدەگرن، دەپچڕێت کە ئەم بابەتە لە نامەیەکدا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پێتان رادەگەیندریت. ئەگەرچی رەنگە لە نێو بازنەی کەڵکوەرگرتن لە پشتگیریی بەشی 4 دا بن. بەشی 4، پشتگیرییەکی کورتە ماوەیە کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پێشکەش دەکرێت و بە گوێرەی ئەو یارمەتیەی کە پێشتر وەرتاندەگرت هەندێ جیاوازی بە شرۆڤەی خوارەوە هەیە:

1. کارتی پارەدانی **Azure :** ئێوە پارەی نەخت وەرناگرن. بە جیاتی یارمەتی حەوتانە دەخرێتە کارتی پارەدانی "Azure". بە کەڵکوەرگرتن لەم کارتە دەتوانن کەلوپەلی پێویست وەکو چێشت، پێویستییەکانی تەندروستی، کەرستەی شۆردن لە هەندێ لە سوپەرمارکێتەکاندا وەک ئازدا (Asda) و تێسکۆ (Tesco) بکڕن.
2. **خانووی هاوبەش:** ئەگەر سەڵتن، دەبێت لە خانوویەکدا لەگەڵ کەسانێکی تر کە هاورەگەزی ئێوەن بژیێن.
3. **نەبوونی مافی هەڵبژاردنی خانوو:** لە بەشی 4 دا، سەبارەت بە خانوو تەنیا جارێک پێشنیاری ئاپارتمانتان پێدەکرێت. ئەگەر بە هەر هۆیەک ئەم پێشنیارە رەت بکەنەوە، رەنگە وەزارەتی ناوخۆ پشتگیریی خۆی لە ئێوە بپچڕێت؛ و
4. **بژاردەی "تەنیا-یارمەتی" نییە:** بژاردەیەک بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری خانووی خۆتان و وەرگرتنی ڤاوچەری بەشی 4، نییە.

## چ کەسێک دەکەوێتە بەر وەرگرتنی یارمەتیی لە پشتگیریی بەشی 4؟

ئەگەر ئێوە هەژار بن و **یەکێ** لەو مەرجانەی خوارەوەتان هەبێت، ئەنجومەنی پەنابەری سکۆتلەند دەتوانێت بۆ داواکاریی بۆ پشتگیریی بەشی 4 یارمەتی ئێوە بدات:

1- **داواکاریی نوێ بۆ پەنابەری/داواکاریی سەبارەت بە مافی مرۆڤ:** ئەگەر نوێنەریی یاسایی ئێوە بۆ داواکاریەکی نوێ بۆ پەنابەری یان داواکاریەکی پێداچوونەوە کە جێبەجی کردنی کەوتووەتە دواوە، دەست بەکار بووبێت. ئەم داواکاریە دەبێت پێشتر نێردرابێت و ئێمە وێنەیەک لە هەموو پەڕە نێردراوەکانمان پێویستە.

2- **پێداچوونەوەی یاسایی:** ئەگەر، نوێنەری یاسایی ئێوە لە دادگای بەرزی سکۆتلەند داوای پیداچوونەوەی کردووە، تکایە وێنەیەک لە هەموو بەڵگە پێوەندیدارەکانی بگرن و لەگەڵ خۆتان هەتانبێت.

3- **نەبوونی توانایی بۆ سەفەرکردن:** ئەگەر بە هۆی تەندروستی نەتوانن بۆ وڵاتی خۆتان سەفەر بکەن. لەمبارەوە رێسای زۆر سەختگیرانە هەیە. سەبارەت بە دووگیانی بانتر لە 7 مانگی یان پێشکەشکردنی بەڵگەی پزیشکی کە "نەبوونی توانایی سەفەر" بسەلمێنێت، مەرجەکانتان دەبێت. زۆربەی کێشەکانی تەندروستی جیدی و گرنگ نین.

4- **رێگایەکی دڵنیا نییە:** کەوتنە بەر ئەم بابەتە زۆر هەستەمە. بەپێی راگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ، ئێستاکە هیچ وڵاتێک وەها مەرجگەلێکی نییە. راوێژکارانی ئێمە یان نوێنەری یاسایی ئێوە گۆڕانی ئەم بابەتەتان پێ رادەگەینن؛ یان

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639

5- **گەڕانەوەی دڵخوازانە**: ئەگەر بتوانن بیسەلمێنن کە خەریکن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆتان دەست بەکار دەبن. (بەشی "داخوا دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان ؟" لە خوارەوە چاولێکەن).

**هۆیەکانی هەژاری**

بۆ ئەوەی کە یارمەتی بەشی 4 بدرێت بە ئێوە، نابێت لە هیچ شوێنێکی تر یارمەتی وەرگرن. ئەگەر هەواڵان، خێزان یان گروپێکی ئایینی یارمەتی ئێوەیان داوە، دەبێت هۆی ئەوەی کە بۆچی ئێتر ناتوانن هەروەها یارمەتی ئێوە بدەن شرۆڤە بکەن.

ئەگەر وەها بارودۆخێکتان هەیە، تکایە بۆ ئێمە نامەگەلێک لەو کەسانەی کە یارمەتی ئێوەیان داوە بهێنن و لەو نامانەدا نووسرابێت کە ئەو چ کەسێکە، چۆن و چ ماوەیەک یارمەتی ئێوەی داوە و بۆچی ئێتر ناتوانن یارمەتیەکەیان درێژە بدەن. دوایین بابەت زۆر گرنگایەتی هەیە.

**داواکاریی بەشی 4 چ ماوەیەک درێژە دەخایەنێت؟**

رەنگە چەند حەوتە درێژە بخایەنێت تاکو وەزارەتی ناوخۆ داواکاریەکەتان بپشکنێت. ئێمە بەردەوام لەسەر پشکنین و راگەیشتن بە داواکاریەکەی ئێوە چاودێریی دەکەین و هەر بە وەرگرتنەوەی وەڵام، پەیوەندیتان پێوە دەکەین، کەواتە دڵنیا بن وردەکاریەکانی پەیوەندی کردن بە ئێوەمان هەیە و ئەگەر گۆڕدرا ئێمە ئاگادار بکەنەوە. لەبۆ ئاگاداری لەسەر پێشوەچوونی داواکاریەکەتان، پێویست ناکات سەردانی نووسینگە بکەن. ئەگەر بتانەوێت دەتوانن بە ژمارە تەلەفۆنی 6087 085 0800 بەخۆڕایی پەیوەندیمان پێوە بکەن (پەیوەندی کردن لە هێڵی نەگۆڕەوە بەخۆڕاییە و لە تەلەفۆنی لەگەڵەوە بەخۆڕایی نییە).

ئەگەر داواکاریی پشتگیریی بەشی 4ی ئێوە پەسەند بکرێت، مسۆگەرکاری نیشتەجێ کردن پەیوەندیتان پێوە دەکات و بەروارێک بۆ چوونی ئێوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی داهاتووتان دیاری دەکات.

بەرپرسی پێوەندیدار شوێنی نیشتەجێ بوونتان پێ پیشان دەدات و بە پێشکەشکردنی زانیاریی پەیوەندی کردنی خۆی لە ئێوە داوا دەکات کە گرێبەستێکی نیشتەجێ بوون واژۆ بکەن. مسۆگەرکاری نیشتەجێ کردنی ئێوە بەرپرسایەتی پاراستن و راگرتنی شوێنی نیشتەجێ بوونی بە ئەستۆیە. ئەگەر پرسیارێکتان لەسەر نیشتەجێ بوونی خۆتان هەیە، لە رێگای زانیاریی پەیوەندی کردن کە وەرتانگرتووە، پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی نیشتەجێ کردنی خۆتانەوە.

**داواکاریی بۆ پێداچوونەوە (ئیستیناف)**

ئەگەر داواکاریەکەتان رەت کرایەوە، ئێمە دەتوانین لەلایەن ئێوەوە داوای پێداچوونەوە بکەین کە هەڵبەت پێبەستەی ئەو هۆیانەیە کە بەپێی ئەوانە وەزارەتی ناوخۆ لە یارمەتیدان خۆپارێزیی کردووە. داواکاریی پێداچوونەوە دەنێردرێت بۆ رێکخراوەیەکی سەربەخۆ بە ناوی لێژەی نێوبژیوانی First Tier (پشتگیریی لە پەنابەری) کە لە کرۆیدۆن (Croydon) لە باشووری لەندەندا هەڵکەوتووە. ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکەنەوە کە دەتانەوێت لەوێدا ئامادە بن، ئەوان تێچوونی هاتوچۆ و نیشتەجێ بوونی ئێوە دەدەن.

**داخوا دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان؟**

ئەگەر دەتانەوێت سەبارەت بە یارمەتی بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆتان زانیاریی زۆرتر بزانن، دەتوانن سەردانی نووسینگەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گلاسگۆ بە ناونیشانی خوارەوە بکەن.

***فەرمانگەی نێونەتەوەیی کۆچبەریی***

**International Office of Migration (IOM)**

38 Queen Street, Glasgow

بۆ دیاریکردنی کاتی چاوپێکەوتن بە ژمارە تەلەفۆنی 8116 548 0141 پەیوەندی بکەن.

**پێشنیار و ڕەخنە**

بەردەوام ئامادەی وەرگرتنی بیروڕاکانی ئێوەین تاکو بتوانین خزمەتگوزاریی و زانیاریی چاکتر پێشکەشی ئێوە بکەین

ئەگەر بۆ چاکتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی یان زانیاریی گەیاندنی ئێمە دەتانەوێت پێشنیارێک بدەن، تکایە فۆڕمی ڕاپرسی ئێمە پڕ بکەنەوە. لەبۆ دابینکردنی ئەم فۆرمە دەتوانن ئەوە لە کارگێڕانی نووسینگەی ئێمە داوا بکەن یان ئەوە لە ماڵپەڕەکە داگرن.

http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/assets/0000/0267/Complaint_leaflet_Kurdish_Sorani_March_2010.pdf

تکایە پاش پڕکردنەوەی فۆرمەکە، ئەوە بنێرنەوە بۆ نووسینگەی ئێمە.

هەروەها دەتوانن سکاڵای خۆتان پێشکەشی نووسینگەی سەرپەرشتی کۆچبەریی (OISC) بکەن:

http://www.oisc.gov.uk/